# ژنان و دەسەڵات لەجیهاندا

میشیل باشلیە دەبێت بەسەرۆك لەتشیلی، تاریا هالونن فلەندی نزیك بۆ تەوە بۆ جاری دووەم ببێت بەسەرۆك لەووڵاتەکەی ، ئەیلین جونسون سیرلیف سوێندی یاسایی خوار وەك یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراو لە( لیبیریا) بەتایبەتی لە ئەفریقیا بەگشتی، ڕۆشنایی دەخەینە سەر ئەو ژنانەی کە بەسەرۆکی کۆمار وسەرۆك وەزیرانی ووڵاتەکانیان دانراون لە جیهاندا .

## سەرۆك کۆمار

(غلۆریا أرویوی) فلیپینی لەکانونی دووەمی 2001 پاش لابردنی جۆزیف استرادا بەگەندەڵی ئیداری ، وەلەو کاتەدا غلۆریا جێگری سەرۆك کۆمار بوو .

(تاریاهالونن) فلەندی هەڵبژێردرا شوباتی 2000 وەك سەرۆك کۆمار بۆ ئەو پۆستە یەکەم جارە لە فلەندا ژنێك ئەم پۆستە بگرێتە دەست .

ئەیرلەندا (ماری ماك البس) لەتشرینی یەکەم 1997 هەڵبژێردرا وەك سەرۆك کۆمار وەلە تشرینی یەکەمی 2004 دووبارە هەڵبژێردرا بۆ جاری دووەم .

لاتیڤیا( فایرا تایك ڤیربرغا) وەك یەکەم ژن کە هەڵبژێردرا بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار لە ڕۆژ هەڵاتی ئەوروپا لە تەمووزی 1999 .

لیبیریا (أیلین جونسون سیرلیف) هەڵبژێردرا بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار وەك یەکەم ژن بۆ ئەم پۆستە لە ئەفریقا هەڵبژێردرا، وەلە تشرینی دووەمی 2005 سوێندی یاسایی خوارد .

## سەرۆك وەزیران

ئەڵمانیا (ئەنغیلا مرکل) وەك ڕاوێش کاری ئەڵمانیا لەتشرینی دووەمی 2005 هەڵبژێردرا وەك یەکەم ژن بۆ ئەو پۆستە لە ئەڵمانیا .

نیویزلەندا (هیلین کلارك) لەتشرینی یەکەمی 1999 کرا بەسەرۆك وەزیران ، بوو بەجێنشینی (ویلنغتون چینی شیپلی) وەك یەکەم ژن بۆ ئەو پۆستە لەو ووڵاتەدا .

بەنگلادش (خالیدە ضیاء) خێزانی سەرۆك وەزیرانی (ضیاء الرحمن) کەساڵی 1981 هەڵبژێردرا کە زۆرینەی ئەم ووڵاتە ئیسلامن وە لەتشرینی یەکەمی 2001 کەلە هەڵبژێردرا بۆ جاری دووەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا,وە لەئازاری 1991 وەك یەکەم ژن پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەو ووڵاتە پێبەخشرا وەتاکو 1996 بەردەوام بوو .

( ساوتومی و برینسیب ) (ماریا دوکارموسیلنبیرا) دادوەری بانکی مەرکەزی پێشوو وەك سەرۆك وەزیران لەحوزەیرانی 2005 پۆستەکەی وەرگرت کەلە دوورگەیەکە لەخەلیجی غینیا .

مۆزەمبیق (لویزا دیوغو) وەك سەرۆك وەزیرانی لە 2004 هەڵبژێردرا وەك یەکەم ژن کەئەو پۆستەی وەرگرت لەمێژووی ووڵاتەکەیدا .

سیریلانکا لەساڵی 1960 یەکەم دەووڵەت بوولەجیهاندا کەسەرۆك وەزیرانەکەی ژنێك بوو ناوی (سیریما فوباندرا تایکی) بوو ، وەلە بەناوبانگترین کەسی سیاسیەکان لەڕۆژ ئاوادا (مارغرێت تاجەر )کەبە (المراة الحدیدة ) واتە (ژنی ئاسنین) ناسراوە وەك یەکەم سەرۆك وەزیران لەمێژووی بریطانیادا هەڵبژێردرا .

وەرگێراوە لەڕۆژنامەی ( الحیاة )

کاوە ئەحمەد ژمارەی مۆبایل 07702222393